# کوتانی دژی نەخۆشی ئەڵزهایمەر

ڕۆژی 4 ی ئاوگوستی ئەمساڵ یەکەم نەخۆشی تەمەن 61 ساڵی تووشبوو بە نەخۆشی ئەڵزهایمەر لە ستۆکهۆڵم یەکەم دەرزی هیوای دژی نەخۆشییەکەی لێدرا .

لە سەرەتای ئەم هەفتەیەوە پسپۆرانی سوێد دەستیان کردوە بە توێژینەوە و لێدانی کوتانەکە و یەکەم گروپ 15 نەخۆش لە خۆ دەگرێت . هەر لەم مانگەدا و لە نەخۆشخانەی مالمۆ گروپێکی دی هەمان کوتانیان لێدەدرێت کە ماددەی CAD106 ی تێدایە . پسپۆرانی ئەم بوارە هیوادارن کە ئەم کوتانە یاریدەی لەش بدات تا دژەتەن دژی پرۆتینی (betaamyloid) دروست بکات کە ناسراوە و دەبێتە هۆی نەخۆشی خڵەفاوی .

توێژینەوەکان لە سەر جۆرە مشکێکی تایبەتی ئەنجامی زۆر چاوەڕواننەکراوی داوە بە دەستەوە لەبەرئەوە دەستکراوە بە کوتان دژی نەخۆشییەکە .




پاش چارەسەرکردن




مێشکی مشك پێش چارەسەرکردن

ئەوەی شایانی باسە کوتانی دژی ئەڵزهایمەر 3 دەرزییەو لە ماوەی 4 مانگدا لەو نەخۆشانە دەدرێت کە تەمەنیان لە نێوان 50–80 ساڵاندایە .

هەرچەندە ئەمڕۆ دەرمانی باش لەبەردەستدایە و کاریگەری لەسەر ڕێڕۆی نەخۆشییەکە هەیە وەلێ گەر ئەم کوتانە نوێیە بتوانێت ئەو هیوایانە بێنێتە دی کە لە پێناوی دا دروستکراوە ئەوا شۆڕشێکی نوێی پزیشکی دەست پێدەکات و گۆڕانکارییەکی باش دەهێنێتە گۆڕێ .

**ئەڵزهایمەر:**

بریتییە لە نەخۆشییەکی دەروونی جۆری خڵەفاو دەبێتە هۆی گیروگرفتی بیرکردنەوە و بیرکەوتنەوە .

**سەرچاوە**

1– ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت ی ستۆکهۆڵم ، ڕۆژی 5 ی ئاوگوستی 2005 .